**مەلا بابە وەیسی**

نەمر ئوەیس عوسمانی، کوڕی مەلا محەمەد حەسەن - زانای بەناوبانگی موکریان و برای بچووکی مەلا ئەمجەدی عوسمانی *(ئاڵقەی پێشتری ئەم زنجیرەیە)* لە 24 ی زیحەججەی 1321ی کۆچی [= 1904ی زایینی] لە گوندی قەڵای رەسووڵەسیت – سەرچۆمی مەجیدخانی نێوان بۆکان و میاندواو لە دایک بووە. لە زۆر گوندی ناوچەکە مەلایەتی کردوە و بۆ ماوەیەکیش لە میاندواو دووکانی کردۆتەوە، ئینجا لەساڵی 1341 ی هەتاوی [1962] لە گوندی قەڵای رەسووڵەسیت کۆچی دوایی کردوە و هەر لەوێش نێژراوە.

من فۆتۆکۆپی کەشکۆڵە شیعرێکم بینیوە کە مەلا بابە وەیسی نووسیویە و ئامادەی کردوە و تێیدا 7 پارچە شیعری خۆی هاوڕێ لەگەڵ شیعری  شاعیرانی دیکەی کورد تۆمار کردوە. شیعرەکان سەبارەت بە رووداو و کەسایەتییەکانی ناوچەن و ئێستا لە لای ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزی قازیی ڕاگیراوە.

سەبارەت بەم کەشکۆڵە و مەلا بابە وەیسی خۆی، من بابەتیکم لە گۆڤاری مەهاباد دا بڵاوکردۆتەوە *(ژمارە 65، پووشپەڕی 1385[2006])*

مەلا بابە وەیسی نازناوی شاعیریی "سابیر"ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە. ئەوەش چەند فەرد لە شیعرەکانی، کە وێ دەچێت مەلایەکی خاوەن هیممەت، بەڵام وەک زۆربەی مەلا کوردەکان دەست تەنگ بووبێت :

.... ئەوەی ماڵی هەبێ ساحیب کەماڵە
دراودار خاوەنی حوسن و جەماڵە ....
لە لای ئاغاش مەلا وشک و بەتاڵە
لەکن کرمانجەکانێش ئەهلی سواڵە
ئیتر بێدەنگ بە، هیچ تامی نەماوە
لە ئەغڵەب جێ، خلە خۆی تێی ڕیاوە!

هیوادارم هەتا بیرەوەریی ئەو زاتە ماوە و کەس و کاری زیندوون، ژیننامەیەکی باشی بۆ پێک بێت، ئەوەش ئەوە کاری لاوەکانمانە. مەلا ئوە یس باوکی مەرحومی مەلا جەسیمی عوسمانی – مەلای داشبەندی بۆکان بوو.

ئەم زانیارییانەم لە رێزدار عەلی عوسمانی، برازای مەلا ئوە یس وەرگرتوون. بە سپاسەوە.